# جۆرناسیی گێرانەوە و شوناس و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەی کوردی لە چیرۆکی ژنێکی منگنی شێرزاد حەسەن لەسەر بنەمای تیۆری جاپ لینتڤێلت

م.ی .کۆرك عەلی ئەحمەد

Korak.ali@garmian.edu.krd

بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی بنەرەت، زانکۆی گەرمیان

سومەیە محەممەدی

somayye.mohammadi1365@gmail.com

بەشی زمان و ئەدەبی فارسی، زانکۆی کوردستان، سنە، ئیران.

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١

ڕەزامەندی بڵاو کردنەوە : ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە:**

لە هەر چیرۆکێکدا شێوازێکی دیاریکراو لە دیزاینی گێرانەوە بەکاردەهێنرێت. لەم دەیان ساڵەی دواییدا بۆ لێکدانەوەی چیرۆکەکان زیاتر سەرنجیان لەسەر پێکهاتە و چۆنیەتی فۆرمی دەرەوە هەبووە، تا ناوەرۆک. لەم توێژینەوەیەدا ،کە لەسەر ڕێبازی "وەسفی – شیکاری"یە بەنیازین بە سوود وەرگرتن لە چەمکە پراکتیکییەکانی بواری جۆرناسی گێرانەوە لە ڕوانگەی «جاپ لینتڤێلت» ەوە، چیرۆکی «ژنێکی منگن»ی شێرزاد حەسەن شیبکەینەوە. لەم ڕوانگەیەوە چوار بنەمای سەرەکی لەبەرچاو دەگرین؛ وەک، بنەمای (مەعریفی - دەروونی) (بنەمای کات) (بنەمای شوێن) (بنەمای زارەکی). لە بنەمای مەعریفیە- دەروونیەکاندا باس لە بابەتی سەرنجدان و لایەنی گێرانەوە دەکەین؛ لە بنەمای کاتیشدا، کاتی کرداری گێرانەوە و ڕێکخستن، یان تێکەڵاوی کات؛ وەک خێرایی و دواکەوتنی کاتی گێرانەوەکە دەکەین و لە ئاستی سێیەمیشدا (بنەمای شوێن) شوێنی گێرانەوەکە شیکاری بۆ دەکرێت؛ لە بنەمای چوارەمیشدا (بنەمای زارەکی) دۆخی گێرەرەوە و جێناوی کەسی ڕێزمانی، بەهای کاتی کردارەکان، ڕادەی قسەکردنی ئەکتەرەکانی ئەم چیرۆکە شیدەکەینەوە. لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەماندا دەگەین بەوەی، کە ڕوانگەی ئەم چیرۆکە ناوەکییە و لەبەر ئەوەی هەردوو گێرەرەوە ئەکتەرن لە چیرۆکەکەدا و لە ناوەندی چیرۆکدان؛ دیدگاکەی ناگۆڕێت و تەنیا توانای گێرانەوەی بیرکردنەوەکانی هەیە بۆ خۆینەر. و ناتوانن بیر و باوەری کارەکتەرەکانی تری چیرۆکەکە بگێرنەوە.هەروەها چەندین فاکتەری شوناس و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەی کوردی و هەڵوێستیان بەرامبەر زۆرێک لە بابەتەکان؛ وەک ئەو بۆچوونانەی ،کە هەیانە بەرامبەر بە خۆشەویستی نیوان ژن و پیاو ولە بابەتی هاوسەرگیری، دەرکەوتنی ژن لە نێو کۆمەڵگای کوردی، پەیوەندی نیوان ئەندامانی خێزان و ڕۆڵی باوک لە نێو خێزاندا و... تد٠ لەم چیرۆکەدا نیشان دراوە و لە گێرانەوەی گێرەرەوەکانیشدا بە ڕوونی دیارە.

**وشە سەرەکییەکان:** گێرانەوە، گۆشەنیگای ڕوانین، جاپ لینتڤێلت، شێرزاد حەسەن، ژنێکی منگن.

**١- پێشەکی**

ڕێبازە نوێیەکان و بیرۆکە داهێنەرانەکان لەم دەیان ساڵەی دواییدا لەسەر بنەمای بنیاتنانەوە و فۆرمی بەرهەمەکان بووە، نەک سەرنجدان لەسەر ناوەڕۆک. لە کاتی خوێندنەوە و شیکردنەوەی بەرهەمە گێڕانەوەکاندا دەتوانرێت جۆرەها لێکۆڵینەوەی بەرفراوان لە خوێندنەوە و شیکردنەوەی بەرهەمە گێڕانەوەکاندا ئەنجام بدرێت. مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتە و شێوازی پێکهاتنی گێڕانەوەکە و بەستنەوەی ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی گێڕانەوە لە سیستمە گشتییەکەیدا،یەکێکە لەو ڕێبازە پێکهاتە خوازانەی (سێمیۆتیك)،کە سەرنجی توێژەرانی ئەم بوارەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. هەروەها لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، چۆنیەتی پرۆسەی گەشەسەندنی بابەت، یان بە واتایەکی تر، شێوازەکانی گێڕانەوە هەندێکجار گرنگترن لە بابەتی گێڕانەوەکە؛ بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی لێکۆڵینەوەی (وەسفیی-شیکاری)، بەدواداچوون و شیکردنەوەی شێوازەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکی «ژنێکی منگن»ی شێرزاد حەسەن دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە لە چەمکە پراکتیکییەکانی بواری تایپۆلۆژی گوتاری گێڕانەوە کەڵکمان وەرگرتووە، کە لەلایەن «جاپ لینتڤێلت» لە کتێبێکدا بە ناوی "ڕێسالێک لەسەر جۆرناسی گێڕانەوە - ڕوانگە"[1] ئاماژەی پێکراوە. ئەو کتێبەی باسکراوە تێزی دکتۆرای «لینتڤێلت»ە و لە شیکاری جۆرناسیدا چوار ڕگەز و بنەمای بنەڕەتی خستۆتە ڕوو، کە بریتیین لە:- (بنەمای هەستکردن-دەروونی، بنەمای کاتی، بنەمای فەزایی و بنەمای زارەکی). (لێنتڤێلت) لەبنەمای هەستکردندا مامەڵەی لەگەڵ بابەتی فۆکەسیزەکردن و لایەنی گێڕانەوە کردووە. بۆ نموونە لە بابەتی بنەمای کاتدا، کاتی گێڕانەوەکە و ڕێکوپێکی،یان شێواوی کاتی؛ هەروەها خێرایی ،یان درەنگبوونی کاتی گێڕانەوەکە باس کراوە. لە بابەتی بنەمای کاتدا، لە کاتی کرداری گێڕانەوەکە و ڕێکخستنی کاتی، یان ئاژاوەگێڕی٠ هەروەها خێرایی، یان دواکەوتنی گێڕانەوەکە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. لە ئاستی سێیەمیشدا (بنەمای فەزایی)ی گێڕانەوەکەدا، شوێنی گێڕانەوەکە تاوتوێ کراوە، لە بنەمای چوارەمی شیکارییەکەشدا (بنەمای زارەکی) باس لە بارودۆخی گێڕەرەوە و کەسی ڕێزمانی و بەهای کاتیی کردارەکان و پلەی جێگیرکردنی گوتاری کارەکتەرەکان و چالاکوانان و شێوازی گوتار کردووە.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ناسینی تەکنیکە مۆدێرنەکانی چیرۆکنووسینی (شیرزاد حەسەن) و ئەدای ئەو لە ڕووی جۆرناسیی گوتاری گێڕانەوەیە لە چوار ئاستی بنەمای هەستکردندا، کە بریتیین لە : (بنەمای کاتی، بنەمای فەزایی و بنەمای زارەکی) بە مەبەستی یارمەتیدان بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لەم چیرۆکە. هەروەها بە بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی گێڕانەوە وەک؛ ڕوانگە، جۆرەکانی گێڕەرەوە، گێڕانەوە لە جیهانێکی چیرۆکی یەکسان و گێڕانەوە لە جیهانێکی چیرۆکی نایەکساندا، شیکارییەکی جۆرناسی سەبارەت بە شێوازی گێڕانەوە لە چیرۆکی «ژنێکی منگن»دا بکات و بە شیکردنەوەی ڕوانگە و ئایدۆلۆژیای نووسەر، شیکارییەکی دروست بۆ شوناس و بیروباوەڕ و داب و نەریتی کورد لە کۆمەڵگای کوردستاندا پێشکەش بکەن. لەم ڕووەوە ئامانجیەتی وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١-شێرزاد حەسەن بەبەکارهێنانی شێوازی گێڕانەوەی جۆراوجۆر(کردەوەی گێڕانەوە لە جیهانێکی یەکسان و کردەی گێڕانەوە لە جیهانێکی نایەکسان)دا، چۆن مامەڵەی لە دروستکردنی چیرۆک و نیشاندانی بیرکردنەوەکانیدا کردووە؟

٢- شێرزاد حەسەن، تا چ ڕادەیەک لە بەستنەوەی تەکنیکەکانی گێڕانەوە لەگەڵ دەقی چیرۆکەکەدا سەرکەوتوو بووە؟

٣- چۆن شوناس و بیروباوەڕی کۆمەڵگای کوردستان لە پەیوەندی لەگەڵ دیدگا و ئایدۆلۆژیای نووسەردا ڕەنگیداتەوە؟

[1]. Esside Typologis "narrative le point, de Vue"

sjh@univsul.edu.iq

**٢ -پێشینەی توێژینەوەکە**

تا ئێستا زۆر لێکۆڵینەوە بە زمانی کوردی و فارسی سەبارەت بە بەرهەمەکانی (شێرزاد حەسەن) کراوە. بەڵام تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە گێرانەوەی بەرهەمەکانی لەسەر بنەمای تیۆری جاپ لینتڤێلت نەکراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو ئەو لێکۆڵینەوەیانەی، کە ئەنجام دراون دەتوانرێت ئاماژە بەمانەی خوارەوە بکرێت:

١ - تەوحید ئێلچیان نازر لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی «باوکێک کە نە مردووە و نە لە ژیاندایە؛ شیکاری پێگەی باوکی رەمزی لە چیرۆکەکانی «چێوە وشکی دار بلوط» و «حەوشە و سەگەکانی باوکمدا» " (١٤٠١). ئەفسانەی پیاوکوژی لە روانگەی فرۆید و لاکانەوە شی دەکاتەوە.

٢ - سەلمە سەعیدی و هاوکارانی لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی "رەگەز، ژن و پێگەی دامەزراوەی بنەماڵە لە چیرۆکە دیارەکانی شیرزاد حەسەن" (١٤٠١). باس لەوە دەکەن کە لای شیرزاد حەسەن هەژاریی کولتووری زۆر بە مەترسیدارتر لە پرسە ئابوورییەکان دەزانێت و بە نیازە چەند هەنگاوێک بنێت بۆ گۆڕینی بۆچوونی گەلەکەی لەسەر ئەم پرسە سەرەکییە بە تیشک خستنە سەر بیروباوەڕی درۆینەی کۆمەڵگا سەبارەت بە پەیوەندییە سۆزدارییەکانی نێوان ئەندامانی خێزان.

٣ - شەهلا شەمیم لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی "شیکاری مامەڵەکردن لەگەڵ ژنان لە روانگەی فێمینیزمەوە لە چیرۆکی حەوشە و سەگەکانی باوکم لەلایەن شیرزاد حەسەن" (٢٠١٩). تێروانین و بیروباوەڕی کۆمەڵگای کوردستان سەبارەت بە ژن لە روانگەی نووسەرەوە دەکۆڵێتەوە.

٤- مەعسومە مۆتەمەدنیا لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی "بەدوای ئازادی یان دەربازبوون لێی: شیکارییەکی دەروونشیکاری بۆ رۆمانی حەوشە و سەگەکانی باوکم" (١٤٠٠). رەهەندە دەروونناسییە فراوانەکانی ئەم رۆمانە دەکۆڵێتەوە.

**٣- بنەما تیۆرییەکان:**

**٣-١- زانستی گێرانەوەناسی:**

پێشینەی لێکۆڵینەوەی گێرانەوە و دۆزینەوەی پێکهاتە پێکهێنەرەکان و دۆخە جۆراوجۆرەکانی ئەم پێکهاتانە لە گێرانەوەدا، هەروەها بە گشتی پشکنینی جۆرە جیاوازەکانی گوتار لە گێرانەوەدا بە شێوازێکی رێک و زانستی،زیاتر لە چەند دەیەی رابردوو تێناپەڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا ولە روانگەیەکی گشتیەوە دەتوانرێت پێشینەی مێژوویی گێرانەوەناسی بکرێتە سێ بەش،کە بریتیین لە:- ١. قۆناغی پێش پێکهاتەگەرایی(تا ١٩٦٠) ٢- قۆناغی پێکهاتەگەرایی لە (١٩٨٠ تا ١٩٦٠) ٣- قۆناغی دوای پێکهاتەگەرایی (مکاریک، ١٣٨٥، ١٤٩).

گێرانەوە بریتییە لە دەربڕینی رووداوێکی راستەقینە، یان خەیاڵی، یان بە دوایەکاهاتنی رووداوە پەیوەندیدارەکان، کە هەندێکجار لەلایەن گێڕەرەوەیەکەوە بۆ گوێگر دەگێڕدرێتەوە، بۆیە گێرانەوە کۆمەڵێک رووداو (چیرۆک) لەخۆدەگرێت، کە لە پرۆسەی گێرانەوە (گوتار)دا دەگێڕدرێنەوە و تێیدا رووداوەکان بە ریزبەندییەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێن و رێکدەخرێن. جا ئەوەی لە گێرانەوەکەدا جێگەی سەرنجی گێرانەوەزانەکانە، پەیوەندی نێوان رووداوەکانی چیرۆکە. لەو رووەشەوە،دەتوانین پێناسەی گێرانەوە بکەین بە کردەی گێرانەوەی چیرۆکێک، کە لەلایەن گێڕەرەوە ، یان گێڕەرەوەیەکی جیاوازەوە دەگێڕدرێتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا (ریمۆن کانان) لە پێناسەی گێرانەوەدا پێی وایە،کە «گێرانەوە،جیهانێکی دروستکراوەیە. جیهانێکە، کەدروستکراوی مێشکی نووسەرەوتیایدا کەسایەتییەکان و رووداوەکان هەموویان دروستکراون، کە پێی دەوترێت جیهانی

sjh@univsul.edu.iq

چیرۆکی. لەم ئاستەدا دەکرێ ناوی بنێین بنیاتنانەوەی واقیع، کە لەوێدا کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە دەژین و ڕووداوەکانیش ڕوودەدەن» (ریمونکنان،١٣٨٧،٢٦). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا،لە هەر چیرۆکێک، یان گێڕانەوەیەکدا، ئەکتەر(ەکان)، یان کەس(ەکان)ی دەرەوەی چیرۆکەکە لە گەیاندنی گێڕانەوەکە بە گوێگر و خوێنەر بەرپرسیارن. واتە لە نێوان چیرۆک و گوێگر و خوێنەردا ئەم کەسە پێی دەوترێت گێڕەرەوە. ئەو ڕووداوەکانی چیرۆکەکە هەڵدەبژێرێت و بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی وەک فراوانکردنی پلۆت (پلان)،یان پاڵەپەستۆکردنی، یان تێکەڵکردنی ڕێزبەندی کرۆنۆلۆژی، فۆرمێکی یەکگرتوویان پێدەبەخشێت. ئەویان لە بەرزترین خاڵدا لە پێگەی خۆیدا وەستاوە و هەموو ڕووداوەکان دەبینێت و هەندێکجار ئاگاداری بیرکردنەوە و مەبەستی کەسایەتییەکانە و هەموو شتێک دەگێڕێتەوە (شارەزایانی گێڕانەوە)؛ بەڵام هەندێکجار لە بەرزترین خاڵی خۆیەوە دادەبەزێت و دەبێتە بەشێک لە ئەکتەرەکان ولەهەمان کاتیشدا گێڕانەوەی(گێڕەرەوەی ئەکتەر)دەگێڕێتەوە. (اخوت،١٣٧١،٧٥).

جگە لە باسکردنی گێڕەرەوە، پرسێکی دیکە، کە لە گێڕانەوەدا جێگەی بایەخی زۆری هەیە، باسکردنی دیدگا(ڕوانگە)یە؛ ڕوانگە بریتییە لەو شێوازەی، کە گێڕەرەوە بهبەکار هێنانی ئەو، ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بە گوێگر و خوێنەر دەگەیەنێت. واتە گێڕەرەوە بە کەڵک وەرگرتن لە ڕوانگە بۆ گەیاندنی پەیامەکە دەبێتە نێوەندگیری نێوان دەق و بینەر. واتە «دیدگا لەڕاستیدا پەنجەرەیەکە، کە نووسەر لەبەردەم خوێنەردا دەیکاتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت هەموو ڕووداو و کردار و دیمەن و ڕەفتار و شوێنی مرۆڤەکان لە چیرۆکەکەدا ببینێت. ڕوانگە، یان ناوخۆییە (کەسی یەکەم)، یان دەرەکییە (کەسی سێیەم) (من). لە کەسی یەکەمدا چیرۆکەکە لە زمانی کارەکتەری یەکەمی چیرۆکەکەوە دەگێڕدرێتەوە، لە کەسی سێیەمیشدا لە زمانی گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە دەگێڕدرێتەوە» (آژند،١٣٧٥،٣٤).

**٢- ٣- تیۆری گێڕانەوەناسیی(جاپ لینتڤێلت):**

«جاپ لینتڤێلت» یەکێکە لە تیۆریسیێنە گەورەکانی بواری گێڕانەوە، کە تیۆرەکەی لەسەر بنەمای بەرامبەرێتی گێڕەرەوە و خوێنەر و چالاکوانان (کارەکتەرەکان) دامەزراوە؛ واتە گێڕەرەوە و خوێنەر لە لایەک و ئەکتەرەکان لە لایەکی ترن. لە کتێبەکەیدا بە ناوی "ڕێسالێک لەسەر جۆرناسی گێڕانەوە -ڕوانگە"، پێی وایە، کە جیهانی چیرۆک زۆرجار لە سێ هەڵوێستەوەیە: ١- گێڕەرەوە ٢- چالاکوانان (کارەکتەرەکان) 3- خوێنەر، پێکهاتووە، کە دەتوانین تا ئەو جێگایەی، کە دەمانەوێت پشکنینی جۆرناسی گێڕانەوە لەسەر ئەم سێ دۆخە ئەنجام بدەین.

ئەو کردەی گێڕانەوەی بۆ سێ بەشی سەرەکی پۆلێن کردووە، کە بریتین لە: ١- کردەی گێڕانەوە لە جیهانێکی چیرۆکی نایەکساندا(ژانری گێڕانەوەی دەقێتی) ٢- کردەی گێڕانەوە لە جیهانێکی چیرۆکی یەکساندا (ژانەری گێڕانەوەی دەقێتی، ژانەری گێڕانەوەی چالاکوان) ٣- کردەی گێڕانەوە لە جیهانێکی چیرۆکی نایەکساندا (ژانەری گێڕانەوەی چالاکوان، ژانەری گێڕانەوەی بێلایەن).

هەروەها چوار بنەمای سەرەکیشی بۆ هەریەکێک لەم سێ جۆرە گوتار و دیدگای گێڕانەوەی لەبەرچاو گرتووە، کە بریتین لە: (بنەمای مەعریفی-دەروونی، بنەمای کاتی، بنەمای فەزایی و بنەمای زارەکی). لەسەر بنەمای هەستکردن، سەرنجی خستە سەر لایەنی گێڕانەوە بەو ڕوونکردنەوە، کە "ڕوانگەی گێڕانەوە تەنیا لە ناوەندی هەڵوێستگیری بینراودا سنووردار نییە؛ تەنیا ئەوە نییە (کێ دەبینێت)، بەڵکو ناوەندەکانی تری ئاراستەکردن؛ وەک هەستەکانی بیستن، دەست لێدان، تامکردن و بۆنکردن

لەم پێناسەیەدا جێگیرکراون" (لینتولت، ١٣٩٠ ، ٣٨). لە ڕووی زەمەنەوە؛ لێکۆڵینەوەی لە زەمەن یان کاتی کرداری گێڕانەوە و نەزمی کاتی، یان ئاژاوەگێری کردووە، هەروەها لە خێراکردنی کاتی گێڕانەوەکە باس ئەکات. «زەمەن و گێڕانەوە لە چوارچێوەی ئەدەبی گێڕانەوە واتا ڕۆمان و چیرۆکدا شوێن و پێگەیەکی گرنگیان هەیە و هەر یەک لەم توخمانە کە لە بنیاتی پێکهاتەی ئەدەبی گێڕانەوەدا بوونێکی سەربەخۆ و تایبەتیان هەیە، لە ئەنجامی توێژینەوە و شیکردنەوەی بەردەوام تێکهەڵکێش کراون و دواجار فۆرمێکی دیکەیان وەرگرتووە کە بە زەمەنی گێڕانەوە ناسراوە» (حسن و قادر، ٢٠٠٨، ٢٠٢٢). لە ئاستی سێیەم (ئاستی فەزایی)دا شوێنی گێڕانەوەکە دەکۆڵێتەوە و لە ئاستی چوارەمدا (ئاستی زارەکی) بارودۆخی گێڕەرەوە، کەسی ڕێزمانی، بەهای کاتیی کردارەکان، ئاستی جێگیرکردنی گوتاری چالاکوان و شێوازی گوتار، باس دەکرێت. بە پشتبەستن بە تیۆری «جاپ لینتڤێلت»، دەتوانرێت گۆشەنیگا دابەش بکرێت بەسەر دوو فۆرمی سەرەکیدا، کە ئەمانەن :-

١- کردەوەی گێڕانەوە لە جیهانێکی چیرۆکی یەکساندا ٢- کردەی گێڕانەوە لە جیهانێکی چیرۆکی نایەکساندا (لینتولت، ١٣٩٠، ٣٨). وەك دەبینین، لە ڕوانگەی (چاپ لینتڤێلت)ەوە، گێڕانەوە، کاتێک لە جیهانێکی چیرۆکی نایەکساندایە، کە گێڕەرەوە وەک کارەکتەرێک لە جیهانی چیرۆکدا دەرنەکەوێت. بە پێچەوانەوە؛ گێڕانەوە کاتێک گێڕانەوە لە جیهانێکی چیرۆکی یەکساندایە، کە یەک کارەکتەری چیرۆکی دوو ڕۆڵ وەردەگرێت؛ لە لایەک وەک گێڕەرەوە (من - گێڕەرەوە) ئەرکی گێڕانەوەی لەسەرە. لە لایەکی ترەوە وەک کارەکتەرێک (من - گێڕاوەتەوە) بەرپرسیارە لە ڕۆڵی چیرۆکەکە: کارەکتەر ــ گێڕەرەوە = چالاکوان

دەقی گێڕانەوەی ئەدەبی بە کارلێکی دینامیکی نێوان لایەنە جۆراوجۆرەکان دیاری دەکرێت، کە هەمیشە لەسەر چوار تەوەر دامەزراوە، کە بریتیین لە:

**١-٢-٣ نووسەری بەردەست(واقعی) و خوێنەری بەردەست(واقعی):**

نووسەری بەردەست، کە خوڵقێنەری ڕاستەقینەی بەرهەمی ئەدەبییە، وەک نێرەر، پەیامێکی ئەدەبی بۆ خوێنەری بەردەست دەنێرێت، کە وەرگری پەیامەکەیە. نووسەری بەردەست و خوێنەری بەردەست، کارەکتەری مێژوویی و ژیاننامەیین، کە سەر بە دونیای بەرهەمی ئەدەبی نین، بەڵکو سەر بە دونیای واقیعین،کە تێیدا ژیانێکی سەربەخۆ جیا لە دەقی ئەدەبی ئەزموون دەکەن. لە کاتێکدا نووسەری بەردەست لە سەردەمی مێژووی دروستکردنی بەرهەمی ئەدەبیدا کەسایەتییەکی جێگیری هەیە. «خوێنەرە بەردەستەکانی، وەک وەرگرەکانی بەرهەمەکە، لە تێپەڕبوونی کاتدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت؛ کێشەیەک٠ کە دەتوانێت ببێتە هۆی تێڕوانینێکی تەواو جیاواز و تەنانەت جیاواز بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی بە تێپەڕبوونی کات» (لینتولت، ١٣٩٠ ، ٥).

**٣-٢-٢- نووسەری ئەبستراکت و خوێنەری ئەبستراکت:**


نووسەری ئەبستراکت و خوێنەری ئەبستراکت لە ناو جیهانی بەرهەمی ئەدەبیدان، نەک لە دەرەوەی و لە جیهانی واقیعدا. لە زانستی گێڕانەوەدا جیهانی چیرۆک و جیهانی دەق لە یەکتر جیاوازن؛ بۆیە دوو جۆر نووسەر هەیە: ١- ئەو نووسەرە کۆنکرێتییە یان ڕاستەقینەیەی کە لە دونیای دەرەوەی چیرۆکدا دەژی و لەگەڵ ئێمەدا کۆدەبێتەوە. ٢- نووسەری ئەبستراکت (بە واتای)؛ منی دووەم نووسەری ڕاستەقینە، کاتێک قەڵەمەکە هەڵدەگرێت و دەست دەکات بە نووسینی چیرۆکێک؛ چونکە لە دونیای واقیع دابڕاوە و چووەتە ناو دونیای چیرۆکدا (کزازی و سبزیان میرآبادی، ١٣٨٨ ، ٢٧٠).


**٣-٢-٣- گێڕەرەوە و خوێنەر:**

تیۆریستەکانی گێڕانەوە،کەسانی ڕاستەقینە(واتە نووسەر و خوێنەر)، کە بەشداری لە پەیوەندییەکی ئەدەبیدا دەکەن لە کەسانی خەیاڵی (واتە گێڕەرەوە و خوێنەر)، کە دەقەکە دەیانناسێنێت جیا دەکەنەوە. نووسەر کەسێکی ڕاستەقینەیە و لە جیهانی واقیعدا دەژی، ژیانیشی بە هیچ شێوەیەک لە ژیانی خەیاڵیدا سنووردار نییە، بەڵکو "گێڕەرەوە یان بریکاری گێڕانەوەیە، قسەکەر یان دەنگی دەقی گێڕانەوەیە". گێڕەرەوە بریکارێکە، کە پەیوەندییەکی کارلێککارانە لەگەڵ خوێنەر(گوێگر) دادەمەزرێنێت؛ دیمەن و بارودۆخی چیرۆکەکە هەڵدەبژێرێت؛ سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی، کە بڕیارە بگوترێ، چۆن بگوترێ؟، لە چ ڕوانگەیەکەوە و چۆن؟ وە چی نابێت بگوترێ؟ بڕیار دەدات (حری، ١٣٨٢، ٢١٢). بۆیە "گێڕەرەوە، وەک بریکارە ناوبژیوانێک لە گواستنەوەی گێڕانەوە (چیرۆک) بۆ گوێگر ،یان خوێنەر (گوێگری گێڕانەوە)، گرنگترین فاکتەری باوەڕپێکراوی و ڕاستی چیرۆکەکەیە، بۆیە؛ زانینی پێگەی گێڕەرەوە ڕێگەمان پێدەدات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە تەوەری هەبوو و ئایدۆلۆژیای گێڕانەوەیەک تێبگەین.

**٣-٢-٤- چالاکوانان (کارەکتەرەکان):**

ململانێیەکی کارایی بەردەوام لە نێوان گێڕەرەوە و کارەکتەرە خەیاڵییەکاندا (ئەکتەرەکان) هەیە، کە هەمیشەیی و جێگیرە. گێڕەرەوە ئەرکی نوێنەرایەتی (کارکردی گێڕانەوە) و ئەرکی کۆنترۆڵکردن (کارکردی ڕێنمایی) ئەنجام دەدات بەبێ ئەوەی دەستوەردان لە ڕۆڵی کرداردا بکات. لە کاتێکدا ئەکتەر، یان کارەکتەر هەمیشە ئەرکی کرداری هەیە و ئەرکی گێڕانەوە و کۆنترۆڵکردنی نییە. لە جیهانی چیرۆکدا کە جیهانێکی خەیاڵییە، هەریەک لە ئەکتەرەکان دەتوانن لێکدانەوە و بارودۆخی ئایدیۆلۆژیی خۆیان بخەنەڕوو، ئەو لێکدانەوەیانە، کە دەتوانن هەڵوێستە ئایدۆلۆژییەکانی دیکەی بەرهەمی ئەدەبی پشتڕاست بکەنەوە، تەواو بکەن، یان ڕەت بکەنەوە (لینتولت، ١٣٩٠، ٢٢)




خشتەی١-١: پێداویستەکانی دەقی گێرانەوەی ئەدەبی (لینتولت،١٣٩٠،٢٦)

**٣-٣- پشکنینی جۆرەکانی گێرانەوە:**

بە بڕوای «جاپ لینتڤێلت» جۆرناسی لەسەر نایەکسانی نێوان گێرەرەوە و ئەکتەر دروست دەبێت؛ کە تیایدا گێرانەوە بەسەر دوو فۆرمی سەرەکیدا دابەش دەبێت: -

**٣-٣-١- گێرانەوە لە جیهانێکی چیرۆکی نایەکساندا:**

ئەگەر گێرەرەوە یەکێک لە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە نەبێت، پێی دەوترێت جۆری گێرانەوەی نایەکسان:

گێرەرەوە# چالاکوان.

**أ- جۆری گێرانەوەی دەقێتی:**

جۆری گێرانەوەی دەقێتی کاتێکە، کە گێڕەرەوە ڕێنمایی خوێنەر بکات و تەرکیزی نیگای خوێنەر لەسەر گێڕەرەوە بێت، نەک لەســـەر یەکێک لە کارەکتەرەکان. زانیارییەکانی ئەم جۆرە گێڕەرەوەیە زیاترە لە کارەکتەرەکانی دیکەی چیرۆکەکە و ئەو لەبارەی بیر و باوەڕ و چالاکی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە دەزانێت. ئەو لە هەموو شـــوێنێکدا هەیە، بۆیە دەتوانێت بە تەواوی و بە متمانەوە بگەڕێتەوە دواوە ،یان پێش کردارەکەی چیرۆکەکە بچێتە پێشـــەوە. پێی دەوترێت "گێڕەرەوەی هەموو شتێک زان" (محمدیفشارکی و خدادادی، ١٣٩٢، ٢٠٤).

**ب- جۆری گێرانەوەی چالاکوان:**

لەم جۆرە لە گێرانەوەدا، ناوەندی نیگای خوێنەر لەسەر یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە چڕ دەبێتەوە و چیرۆکەکەش لە ڕوانگەی خۆیەوە بۆ خوێنەر دەگێردرێتەوە و لەبەر ئەوەی خۆی لە چیرۆکەکەدایە، لە ئاستێکی باڵاتردا لە چیرۆکەکە نییە؛ بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر هەموو شتێکدا، لە ئەنجامدا ئەم جۆرە گێرانەوەیە سنووردارترە لە جۆری گێرانەوەی دەقێتی.

**ج- جۆری گێرانەوەی بێلایەن:**

جۆری گێرانەوەی بێلایەن بەو مانایەیە، کە ناوەندێکی هەڵوێســـتگیری و ســـەرنجدان بۆ خوێنەر نییە. ئەم جۆرە گێرانەوەیە زیاتر کاتێک بەکاردێت کە نووســەر بیەوێت باســی دۆخی کارەکتەرەکان، یان دیمەنی چیرۆکەکە بکات؛ واتە گێڕەرەوە وەک کامێرا تەنها ئەوەی بینیویەتی ڕاپۆرت دەکات، چونکە لە ئاســـتێکی باڵاتردایە و هەموو شـــتێک دەبینێت و تەنها بەبێ هیچ هەڵســـەنگاندنێک ڕاپۆرت دەکات و ئەم ناهەڵســـەنگاندنە و نەبوونی زانیاری هەموو لایەنەی گێڕەرەوەی بێلایەن، جیاوازی سەرەکییە لە نێوان خۆی و گێڕەرەوەی چالاکدا، کە خۆی لە ناوەندی هەڵوێستگیریە.

| **ناوەندێکی هەڵوێستگیری / جۆری گێرانەوەی** | گێڕەرەوە | چالاکوان |
|---|---|---|
| دەقێتی | + | - |
| چالاکوان | - | + |
| بێلایەن | - | - |

خشتەی ٣-٢: جۆرەکانی گێرانەوەی جیهانی چیرۆکی نایەکسان

**٣-٣-٢- جۆرەکانی گێرانەوە لە جیهانی چیرۆکی یەکساندا:** گێڕەرەوە = چالاکوان.

ئەگەر گێڕەرەوەی چیرۆکەکە یەکێک لە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە بێت، پێی دەوترێت گێڕەرەوەی جیهانی چیرۆکی یەکسان، واتە لە یەک کاتدا بەرپرسیارە لە گێڕەرەوە (من - گێڕەرەوە) و چالاکوان (من - گێڕاوەتەوە). لە جیهانی چیرۆکیدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کرداری گێرانەوەکە، یان لەلایەن کارەکتەر-گێڕەرەوە،یان کارەکتەر- چالاکوان ئەنجام دەدرێت، تەنها دوو ناوەندی هەڵوێستگیری بە جۆری گێرانەوەی دەقێتی و چالاکوان پێکدێت، کە بریتیین لە:

**أ - جۆری گێرانەوەی دەقێتی:**

لە جۆری گێرانەوەی دەقێتی لە جیهانێکی چیرۆکی یەکساندا، چیرۆکەکە لەلایەن کارەکتەر-گێرەرەوە (منی گێرەرەوە) گێراوەتەوە. گێرەرەوە دەتوانێت لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا بگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی و پیشاندانەوەی ڕووداوەکانی بکات. بە واتایەکی تر، لەم جۆرە لە گێرانەوەدا، ڕووبەڕووی دوو ئاستی گێرەرەوە دەبینەوە: یەکەم؛ نووسەرێک، کە چیرۆکەکە وەک کارەکتەری ڕاستەقینە (منی گێرەرەوە) دەنووسێت. دووەم؛ ئەو "گێرانەوەی من" کە "منی گێرەرەوە" چیرۆکەکەی بۆ بژنەو دەگێڕێتەوە. کەواتە گێرەرەوە هەم ئەرکی کردار و هەم ئەرکی پیشاندانەوەی هەیە؛ چونکە گێرەرەوە دەتوانێت بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو وەک کارەکتەریک پیشاندانەوەی هەموو ئەو شتانە بکات، کە کردوویەتی.

**ب- جۆری گێرانەوەی چالاکوان:**

لەم جۆرە گێرانەوەیەدا گێرەرەوە، کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە، بە وردی باسی ڕابردوو دەکات؛ تەرکیزی چیرۆکەکە لەسەر کارەکتەر - گێرەرەوەیە و ڕوانگەی گێرانەوەی ئەو بۆ بژنەو(گوێگر)، تەواو ڕوونە، چونکە چیرۆکەکە لە ڕوانگەی ئەوەوە دەگێردرێتەوە.

| ناوەندێکی هەڵوێستگیری / جۆری گێرانەوەی | گێرانەوە | چالاکوان |
|---|---|---|
| دەقێتی | + | - |
| چالاکوان | - | + |

خشتەی ٣-٣: جۆرەکانی گێرانەوەی جیهانی چیرۆکی یەکسان

**٤- شیکاری:**

**٤-١- پوختەیەک لە چیرۆکی ژنێکی منگن:**

چیرۆکی «ژنێکی منگن» چیرۆکێکی ١١٠ لاپەڕەیە و بە وتەی خودی نووسەر، یان (من - گێرەرەوە) دەست پێدەکات و باس لە چۆنیەتی نووسینەوەی ئەم چیرۆکە دەکات. کات و شوێنی چیرۆکەکە لە هاویندایە، لەسەربانی ماڵێکە، نووسەر لەگەڵ دوو هاوڕێکەی بە ناوەکانی «عەبە» و «شوان» و «باوکی شوان» کە قەسابێکی پیرە، دانیشتوون و لەکاتی خواردنەوەی شەراب باسی زۆر شت دەکەن. جارجارە بێدەنگی لە نێوانیاندا حوکم دەکات و گێرەرەوەی چیرۆکەکە، کە نووسەرە، بە وردی سەیری هەموو ژینگەی دەوروبەری دەکات، ئەستێرەکان، ئەو بوونەوەرانەی، کە شەوانە دەنگیان لە دەوروبەردا دەبیسترێت، بۆنی ئەو شاخانە و تیشکی مانگ و .... تەواوی چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی خۆشەویستی قەدەغەکراوی باوکی شوان، کە دوای (٣٤) لاپەڕەی چیرۆکەکە لەسەر داوای شوانی کوڕی، کە ئاگاداری چیرۆکەکەیە دەگێردرێتەوە. چەندین فاکتەری شوناس و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەی کوردستان و هەڵوێستیان بەرامبەر زۆرێک بابەتەکانی وەک ئەو بۆچوونانەی، کە هەیانە بەرامبەر بە

خۆشەویستی ژن و خۆشەویستی پیاو، بوونی ژن لە کۆمەڵگا، داب و نەریتی هاوسەرگیری، پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان، ڕۆڵی باوک لە دروستبوونی خۆبەگەورەزانین لە منداڵان و ... لەم چیرۆکەدا لە گێڕانەوەی گێڕەرەوەکاندا نیشان دەدرێت.

**٤-٢- ڕوانگەی گێڕەرەوە لە چیرۆکی ژنێکی منگن:**

ئەم چیرۆکە بە جۆرێکە، کە دوو چیرۆکی تێدایە، یەکەم: نووسەر، کە گێڕەرەوەی یەکەمە، (من- گێڕەرەوە)هەم گێڕەرەوەیە و هەم یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی چیرۆکەکە، کە باس لە ڕەوتی دیدارێکی دۆستانە دەکات لە شەوێک لە هاوین و لەسەربان. لە لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکەدا نووسەر باسی چۆنیەتی پلاندانان و نووسینی چیرۆکێکی لەو شێوەیە دەکات. لێرەدا نووسەر هێشتا لە ڕۆڵی گێڕەرەوەدا نییە:

«من دەمێکە ئەم چیرۆکەم لە خەیاڵە، پتر لە سی ساڵە، هەر جارە بە جۆرێک دەینووسمەوە، هەرگیز لە سەر شێوەی دارشتنەکەی مکوڕ نەبووم، دەیەها جار سەرەتا و کۆتاییەکەیم گۆڕیوە، هیچ تانوپۆیەکی تێدا نییە دڵم خۆش بکات و بیخوێنیتەوە....» (حەسەن، ٢٠١٧، ١٠٥). لە ڕاستیدا، کاتێک گێڕەرەوە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە، خوێنەر و گوێگری چیرۆکەکە زیاتر متمانەیان بەو شتانە دەبێت، کە دەیڵێتەوە و ئەمەش وا دەکات خوێنەر بە مەیلێکی زیاتر بەدوای چیرۆکەکەدا بگەڕێت و لایەنی ڕاستگۆیی چیرۆکەکە زیاتر بێت.

لە قۆناغی دواتردا، لە تەنیشت گێڕەرەوەی یەکەم، شاهیدی بوونی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە دەبین، بە ناوی "مەمۆ"، کە باوکی شوانە و باسی چیرۆکە خۆشەویستییە شکستخواردووەکەی دەکات. شایانی باسە،ئەگەر بە وردی سەیر بکەین، بۆمان دەردەکەوێت. کە یەکەم گێڕەرەوەیە، کە لە قسەکانی خۆیەوە چیرۆکی خۆشەویستی شکستخواردووی (مەمۆ) دەگێڕێتەوە:

«شوان لە باوکی هاتە پێشێ و جگەرەیەکی بۆ ئاگر دا و لە بەردەمی ڕای گرت، بەو نیازەی لێی وەربگرێت و هانی بدات حەکایەتی ددانکێشانەکەی بگێڕێتەوە. هەر بە حەواوە جگەرەکەی قۆستەوە و مژێکی قووڵی لێ دا...... بەدەم جگەرەکێشانەوە ئاخێکی هەڵکێشاو وتی:

کاتی خۆی لەم شارەی ئێمە بە تەنیا پێنج شەش قەسابی لێ بوو کە دووکانی هەبێ، ئەوانی دیکە کە زۆرتر بوون گۆشتیان لە سەر سەبەتە دەفرۆشت و لە ئێمەیان وەردەگرت....» (هە مان سە رچاوە، 139-138).

وەك دەبینین، هەردوو ئەم گێڕەرەوەیە لە چیرۆکەکانیاندا وەک کارەکتەر ئامادەن، بۆیە دیدگای چیرۆکەکە ناوەکییە (ئاگای لە بیرۆکەی کارەکتەرەکان نییە و گێڕەرەوەی کردارە دەرەکییەکانیانە) لە لایەک وەک (من - گێڕەرەوە) (واتە ئەو کەسەی باس لە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دەکات) دەریدەبڕێت و لە لایەکی دیکەشەوە وەک کارەکتەر (من - گێڕاوەتەوە) دەردەکەوێت (واتە ئەو کەسەی کە کردارەکانی لە دەوری ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدا دەسوڕێنەوە). بەو پێیەی،کە گێڕەرەوەکان چالاکن و لە ناوەندی چیرۆکەکەدان؛ بۆیە دیدگاکەیان ناگۆڕێت و تەنیا توانای گێڕانەوەی بیرکردنەوەکانیان بۆ خوێنەر هەیە و ناتوانن بیر و پاڵنەری کارەکتەرەکانی دیکەی ناو چیرۆکەکە بگێڕنەوە. لەگەڵ ڕوونکردنەوە؛ لەبەر ئەوەی گێڕەرەوە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە، کرداری گێڕانەوەکە لە جیهانێکی چیرۆکی یەکساندا ڕوودەدات، کە لە خوارەوە بە وردی باسی دەکەین:

**٥- جۆرناسیی گێرانەوە لە چیرۆکی«ژنێکی منگن» دا :**

**٥-١- شێوازی گێرانەوە لە جیهانی چیرۆکی یەکساندا:**

گێڕەرەوە لە چیرۆکە یەکسانەکاندا کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە. بۆیە کارەکتەری سەرەکییە و لە ناوەندی چیرۆکەکەدایەو کارەکتەرەکانی دیکەش لە دەوری ئەون؛بە واتایەکی تر گێڕەرەوە یادەوەری و تێروانینەکانی خۆی دەردەبڕێت. بە جۆرێک گێڕەرەوە لە یەک لاوە (من - گێڕەرەوە)یە و لە لایکی ترەوە کارەکتەر، یاچالاکوانی (من - گێراوەتەوە) ،کە ڕۆڵی لە چیرۆکەکەدا هەیە. بۆیە جۆری گێرانەوەی بەکارهێنراو لەم چیرۆکانەدا یەکسانە.

(گێڕەرەوە = چالاکوان).

گێرانەوەی ئەم چیرۆکە، بیرهێنانەوەی ڕابردوو و بارودۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان و دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری و هەروەها شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنان و بوونیان لە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەدایە. "مەمو" ،کە نوێنەری گەنجانی (٣٠) ساڵی ڕابردووی کوردستانە لەگەڵ نووسەری چیرۆکەکە، کە نوێنەری گەنجانی سەردەمی ئێستای کوردستان و نووسەری ڕاستەقینەی چیرۆکەکەیە، گێڕەرەوە و کارەکتەری ئەم چیرۆکەن. نووسەر کاتێک دەنووسێت خۆی لە خودی ڕاستەقینەی خۆی دوور دەخاتەوە، یان بە واتایەکی تر لە ڕۆڵی نووسەری ئەبستراکتدا دەچێتە ناو چیرۆکەکەوە و گێڕەرەوەی خۆی دروست دەکات.

**٥-١-١- بەکارهێنانی گێڕەرەوەی یەکسان: گێڕەرەوە = چالاکوان.**

لە ڕاستیدا،(شێرزاد حەسەن) لەم گێرانەوەیەدا هەم گێرانەوەی دەقێتی و هەم گێرانەوەی چالاکوانەی بەکارهێناوە٠ بۆ نموونە

**أ – چیرۆک لە جۆری گێرانەوەی دەقێتی:**

چونکە لەڕێگەی ڕوانگەی گێرانەوەی کارەکتەر - گێڕەرەوە (من - گێڕەرەوە) دەتوانرێت لە چیرۆکەکە تێبگەین، نەک کارەکتەری چالاکوان٠لە ڕاستیدا گێڕەرەوە، کە کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە، بە چاوخشاندنێک بە ڕابردوودا چیرۆکەکەی خۆی دەگێڕێتەوە؛ واتە کاتێک کارەکتەرەکە چالاکوان بوو. لەم حاڵەتەدا لە نێوان کارەکتەری گێڕەرەوە و کارەکتەری چالاکوان لە ڕووی کات و گێڕەرەوە مەودایەک هەیە. گێڕەرەوە بە بەکارهێنانی جێناوی کەسیی و کردارەکانی ڕابردوو و وەسفکردنی بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی؛ دەست دەکات بە گێرانەوەی چیرۆکەکە٠ هەروەکو دەڵێت :-

«پیرە قەسابەی کە چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە. سەیرە... کەسێک لە ژیانیدا ئەو هەموو مەڕ و بزن مانگایە لە خوێندا بگەوزێنێت، ئەوندە و پتریش لە تاو عیشقێکی ڕاگوزەر، ڕێکەوتی حەز و شەهوەتێک ئارەزوویەکی کوشندە و کوێر، ئەو هەموو خوێنە لە دڵییەوە بڕژێت، ئەو هەموو فرمێسکە... بە قەد خوێنی ئەو مەڕ و بزن و حەیوانانەی کە لە ژیانیدا سەری بڕیبوون. ئەو شەوە درەنگانێ کە حیکایەتی حەز و هەوەسەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە، خاموش و سەرسام بووبووم ، پاشان لە ژێر لێوەوە پێم وت: «من ئەو حەز و ئارەزووەت دەکەم بە چیرۆک» (حەسەن،2017: 106).

ئیدی بەم شێوەیە گێڕەرەوە درێژە بە دەربڕینەکانی دەدات و دەڵێت:- «ئەو شەوە، درەنگانێ، کە حیکایەتی حەز و هەوەسەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە، خامۆش و سەرسام بووبووم، پاشان لە ژێر لێوەوە پێم وت: "من ئەو حەز و ئارەزووەت دەکەم بە چیرۆک". سەیری ئەستێرەکانی دەکرد کە دوور بە ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە، دوورتر لە حەزی نامرادیی خۆی، بێئاگا لە من و لە ڕازی

دڵە بێئۆقرەکەم. لە دوای گێرانەوەی چیروکەکەی هۆن هۆن دەگریا، دوو جۆگەڵەی باریکی فرمێسکەکانی لە چاوانی دەتەقین و دادەخران و دەڕژانەوە ناو پێرێی چرچولۆچی هەردوولا ڕوومەتی و لە ناکاو بریسکەی ئەو ڕۆندکانەی سەر ڕوومەتی لە من بزر دەبوون ...» (هەمان، ١٠٦)

وەك دەبینین، لە ڕووی کاتەوە لەم چیرۆکەدا، بەو پێیەی چیرۆکەکە پەیوەندی بە چەند دەیەیەک لەمەوبەرەوە هەیە، ئەو کردارانەی، کە بەکارهێنراون پەیوەندییان بە کاتی ڕابردووەوە هەیە، بەڵام لە گێرانەوەی گێرەرەوەدا جۆرێک لە سەرلێشێواوی کاتیش هەیە؛ چونکە "قەسابی پیر" لە کاتی ئێستادا کردارەکانی پەیوەست بە کاتی ئێستا بەکاردەهێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا کە چیرۆکی خۆشەویستی گەنجی خۆی دەگێڕێتەوە، کە پەیوەندی بە کاتی ڕابردووەوە هەیە، گێرانەوەی بە دەستەواژەی (کاتی خۆی، لەو شەوەدا و ....) دەست پێدەکات و کردارەکانی کاتی ڕابردوو بەکاردەهێنێت. کەواتە گێڕەرەوە دوو ڕۆڵی هەیە: چالاکوانی و پیشاندانەوە.

گێڕەرەوەی یەکەم کە نووسەرێکی ئەبستراکتە، زانیاری تەواو لەسەر کردەی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە هەیە. چونکە گێڕەرەوەی ئەو چیرۆکە دەکات، کە (٣٠) ساڵ لەمەوبەر بیستوویەتی و ئەو هەموو شەوەی بیر دێتەوە، کە گوێی لە چیرۆکی عاشقی قەسابە پیرەکەی بووە لەگەڵ کارەکتەر و کردارەکانیان و قسەکانیان. قەسابی پیر هەم کارەکتەرە و هەم گێڕەرەوە، کە گێڕەرەوەی چیرۆکی خۆشەویستییەکەی (٣٠) ساڵ لەمەوبەریشە و هەموو چیرۆکەکە بە وردەکارییەکانیەوە بۆیان دەگێڕێتەوە و بە جۆرێک پیشاندانەوەی ڕابردووە:

«ئەوسا من لە هەوا و کەیفی خۆمدا بووم، خەیاڵم خوش و سەرمەست و حەیران، ئەوسا وام مەزەندە دەکرد بەو چاوە زەرد و زەق و مەستانەی خۆم لە هەر ئافرەتێکم بڕوانیایە، ئەو شەوە خەونی خۆش و حەرامی بە منەوە دەبینی، خۆ وەک ئەمڕۆکە نەبووم...» (هەمان، 148).

لەم چیرۆکەدا گێڕەرەوە بە دروستکردنی فەزا و دەربڕینی ڕستەی گونجاو، بیری ناوەوەی خۆی سەبارەت بە مردن، پیری، خۆشەویستی، ژنانی کۆمەڵگای کوردستان دەردەبڕێت. ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی کە کۆمەڵگای کوردستان لە کاتی کردەی گێرانەوەدا بەڕێوەدەبەن، نیشان دەدات و وەسفێکی وردی دەکات. وە ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە گێڕەرەوە یەکێکە لە کاراکتەرەکانی چیرۆکەکە. خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە لە دۆخی گێڕەرەوە و ڕابردووی ئەو تێدەگات. جیاوازی ڕابردوو و گێڕەرەوە هۆکارێکی دیکەیە بۆ ڕاستەقینە بوونی چیرۆکەکان، کە کاریگەری لەسەکارەر ڕاستی و پرۆسەی گێرانەوە هەیە. بوونی گێڕەرەوەیەک لە چیرۆکەکەدا بەڵگەی ڕاستی ئەو چیرۆکەیە. پێش ئەوەی چیرۆکی عاشقی پیرەمێردە قەسابەکە دەست پێبکات، گێڕەرەوە باسی خەیاڵ و ویژدانی نائاگایی خۆی دەکات بۆ ئەوەی کێشەکانی بۆ خۆینەر ڕوون بکاتە و ئەو لە هەموو شت تێبگات:

**ب‌- چیرۆک لە جۆری گێرانەوەی چالاکوان:**

لەم جۆرە لە گێرانەوەدا، کارەکتەری گێڕەرەوە "من - گێڕەرەوە" هەمان کارەکتەری چالاکوانە. گێڕەرەوە توانیەتی پیشاندانەوەی ڕابردووی خۆی بکات و زیندووی بکاتەوە. بۆیە ڕوانگەی گێرانەوە و ناوەندی هەڵویستگیری خوێنەر، گێڕەرەوەیە. چیرۆکی «ژنێکی منگن» پشاندانەوەی چیرۆکی خۆشەویستی قەدەغەکراوی پیاوێکی قەسابە بۆ ژنێکی گەنج، کە دوای چەندین ساڵ هێشتا لە تەمەنی پیریدا تامەزرۆیەتی.

هەر بە حەواوە جگەرەکەی قۆستەوە و مژێکی قوولی لێ دا...... بەدەم جگەرەکێشانەوە ئاخێکی هەڵکێشاو وتی:

«کاتی خۆی لەم شارەی ئێمە بە تەنیا پێنج شەش قەسابی لێ بوو کە دووکانی هەبێ، ئەوانی دیکە کە زۆرتر بوون گۆشتیان لە سەر سەبەتە دەفرۆشت و لە ئیمەیان وەردەگرت....» (حەسەن،2017، 139-138).

هەروەها گێڕەرەوە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت :- «لە دوای گێڕانەوەی چیرۆکەکەی هۆن هۆن دەگریا، دوو جۆگەلەی باریکی فرمێسکەکانی لە چاوی دەتەقین و دادەخران و دەرژانەوە ناو ڕێڕێی چرچولۆچی هەردوو لا ڕوومەتی لە من بزر دەبوون....» (هەمان، 106).

وەك دەبینین، گێڕەرەوە کە گێڕانەوەیەکی چالاکانەی بەکارهێناوە، دەیەوێت بۆ خوێنەرەکەی بسەلمێنێت،کە بەدەست واقیعی هەبووەوە دەناڵێنێت.ئیدی لەم پێوەندییەدا گێڕەرەوە وێنەی جۆراوجۆری پیشانی ئامادەبووانی خۆی داوە؛ بۆ نموونە:

«بە قەد خوێنی ئەو حەیوانانەی سەرم بڕیون، فرمێسکم ڕشتووە... لە یادم ناچێ و ناچێ و ناچێ... ئێستاکە کە باسی ئەو شاشۆخە ژنەتان بۆ ئەکەم وا هەست دەکەم، ئەوەتانێ... لێرەیە... لە سەر ئەو سەربانە وستاوە و گوێم لێ دەگرێ و... بە عەقڵم پێدەکەنێ!» (هەمان، ١٠٧-١٠٦).

گێڕەرەوە لە میانی گێڕانەوەکانیدا ئاماژە بە زۆر ڕووداو و بەسەرهاتی تر دەدات و دەڵێت:- «دەیەها شەو لە باوەشی ئە ژنەمدا وەک هەتیوێکی بێلانە و برسی ڕووتۆڕەجاڵ بۆ ئەو خانمەی دۆستم دەگریام، ئەو ژنە چاکەم سگی پێم دەسووتا کە دەیزانی من بۆ ژنێکی دیکە ئاواهی ئاگرم تێبەربووە....» (هەمان، ١٠٧). ژیانی ڕابردووی خۆی دەخاتە بەردەم خوێنەر. گێڕەرەوە توانیویەتی ژیانی خۆی زیندوو بکاتەوە و سەرنجی خوێنەر بۆ پاڵنەرە ناوەکییەکانی ڕابکێشێت. لە لایەک خوێنەر ژیانی ڕۆژانەی گێڕەرەوەی ئەزموون کردووە و بە باشی لە کێشەکانی تێگەیشتووە و لە لایەکی دیکەشەوە بنیاتنانەوەی گێڕەرەوە بۆ واقیعی چیرۆکەکە لە لایەن گێڕەرەوە، خوێنەری ناچار کردووە قبوڵی بکات.

بەرهەمی ئەدەبی

نووسەری

خوێنەری

گێرانەوە = وتاری گێرەرەوە + وتاری چالاکوان

چالاکوان: پیرە قەساب، شوان، عەبە، گێرەرەوە، ژنیقەساب، خۆشەویستەکەی قەساب

دووەمی

شیرزاد حەسەن

چیرۆکی = جیهانی گێراوەتەوە + جیهانی

خوێنەری واقیعی: هەموو ئەوانەي کە تواناى خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەیان هەیە

جیهانی چیرۆکی: گێرەرەوەی خەیاڵی

گێرەرەوەی

خەیاڵی

بەردەنگ

خەیاڵی

نووسەری واقیعی: شێرزاد حەسەن

خشتەی٣-١: پێداویستەکانی دەقی گێرانەوەی ئەدەبی لە چیرۆکی «ژنێکی منگن»

**٦- کاریگەری ڕوانگەی گێڕەرەوە لە پیشاندانەوەی شوناس و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەی کوردی:**

چیرۆک هونەرێکی ئەورووپاییە، پێویستی ژیان وایکردوووە وەکو ڕووخسارێکی هونەری لە ناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاو ببێتەوە، لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی کەوتەناو ئێمەشەوە (خەزنەدار، ١٩٧٠، ٥٢). چیرۆک وەک ژانرێکی ئەدەبی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەگێرێت لە گواستنەوەی کلتورو داب و نەریتی کۆمەڵگەدا، ئەمیش سەرەتا بە حەکایەت و گێڕانەوەی کۆن، یان چیرۆکی میللی دەستی پێکردووە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان گوزارشت بوون لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردی لە کۆندا، بەتایبەتی لە دەربڕینی شێوازی بیرکردنەوە و کلتورو دابونەریت و شێوازی ژیان و پەیوەندی نێوان تاکەکان (بەرزنجی و حمەفرج، ٢٠٢٢، ٨١).

نووسەر لەم چیرۆکەدا جگە لە پیشاندانەوەی خۆشەویستی قەدەغەکراوی قەسابێک، کە ژن و منداڵێکی هەیە بۆ ژنێک کە ناوەی چیرۆکەکە بەو نازناوەش پێناسە کراوە، کە بۆی هەڵبیژاردووە - **ژنێکی منگن**-، نووسەر هەوڵی داوە لە ڕوانگەی پیرە قەسابەکەوە بگێڕێتەوە ،کە یەکێکە لە گێڕەرەوە و کارەکتەرەکانی چیرۆکەکەیە و بە جۆرێک چیرۆکەکە لە دەوری چیرۆکی خۆشەویستی کاتی گەنجەیەتی ئەو دەسوڕێتەوە، واتە ئەو کەسێکە کە لە کوردستان و کولتوور و بۆچوون و بیروباوەڕی خەڵکی (٣٠) ساڵ لەمەوبەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ زۆر بابەتدا؛ وەک: دەربڕینی هەست و خۆشەویستی ژن و پیاو بۆ یەکتر، هاتووچۆکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ، بازارکردنی ژنان و پیاوان، کار و ژیان، هاوسەرگیری و .... تێگەیشتووە. بۆ ئەوەی بۆ بیسەر و خوێنەر و بۆ ئەم مەبەستەش باوەڕپێکراو بێت، ئەو دیدگای من – گێڕەرەوەی، بەکارهێناوە، کە تێیدا گێڕەرەوە خۆی یەکێکە لە کارەکتەرەکانی. هەروەها باس لە بەراوردکردنی ئەو بیرۆکە و باوەڕانە دەکات لەگەڵ سەردەمی ئێستادا، بۆ ئەم مەبەستەش گەنجێکی دیکە، کە یەکێکە لە کارەکتەر و گێڕەرەوەکانی ئەم چیرۆکە، هەڵبژاردووە کە تازە لە خۆشەویستییەکەی جیابووەتەوە. قسەکانی پیرەمێرد سەبارەت بە ڕابردوو و دەربڕینی بیری ناوەوەی گێڕەرەوەی گەنج، پیشاندانەوەی قووڵی شوناس و ئایدۆلۆژیای خەڵکی کۆمەڵگای کوردستان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسانەی ورووژێنراوەدا نیشان دەدات. ڕەنگە تۆنی گێڕانەوەکە تێکەڵ بە ترس، وەهم، یان تەنانەت نوکتەی تاڵ بێت کە لە عەقڵیەتی تێکەڵاوی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت، وەک: «لە دوای گێڕانەوەی چیرۆکەکەی هۆن هۆن دەگریا، دوو جۆگەلەی باریکی فرمێسکەکانی لە چاوی دەتەقین و دادەخران و دەرژانەوە ناو ڕێڕێی چرچولۆچی هەردوو لا ڕوومەتی لە من بزر دەبوون....» (حەسەن،2017، 106).

پێش ئەوەی قەسابی پیر چیرۆکی خۆشەویستی خۆی بگێڕێتەوە، ئاماژە بە خاڵێک دەکات و ئەوە جیاوازیی تێڕوانینی کاڵایی پیاوان بەرامبەر بە ژنان لە ڕابردوو و ئێستادایە. بە جۆرێک نووسەر دەیەوێت بڵێت کۆمەڵگای ئێستای کوردستان زیاتر لە ڕابردوو بە شێوەیەکی ڕوشنبیرانە مامەڵە لەگەڵ ژنان دەکات. بە شێوەیەک لە ڕابردوودا ئەم نیگا و بیرکردنەوەیە کاڵایی بوو، بەڵام لە ئێستادا مافی ئازادییەکانی تاک لە جلوبەرگی و سەفەردا بۆیان دامەزراوە و کەس بە نیگایەکی خراپەوە لێیان ناڕوانێت، هەروەکو دەڵێت :-

«ئوسا دوکانی خۆم نەبوو .... هێشتا شاگردە قەساب بووم.... بە شەرەف ئێوە بە ناموسن... گەلێکم پێ سەیرە... ئەمڕۆ کە دەبینم کچان و ژنان نیوەڕووتن و ئێوەش سەلار و سەنگین سەیریان دەکەن. سەیرە پڕیان نادەنێ ... خوا فرسەتتان بدات، جاران ئافرەت قولەپێی دەربکەوتبایە، ئێمە... ئەعوزوبیللا... بەشەرەف ئێوە مانان بە شەرموشکۆن، زەمانی ئێمە ئەم بەزمە هەبوایە، ئەم هەموو ژن و کچە نیوەڕووتە بە وەڵڵا وشکمان دەکرد، کاکە قورسە... زەلام دەوێ خۆی ڕابگرێ» (هەمان ، ١٤٢)



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لە کۆتاییدا، کاتێک گێڕەرەوە چیرۆکی خۆشەویستی گەنجی پیرەمێردەکەی بیستووە، لە دڵی خۆیدا بیر دەکاتەوە و بیرکردنەوە ناوەکییەکانی خۆی بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە. دڵتەنگە بەوەی ئەم پیرە پیاوە بە ئاسانی چیرۆکی خۆشەویستی گەنجی خۆی لە ئامادەبوونی کوڕەکانیدا دەگێڕێتەوە و بە قسەکردن دڵتەنگییەکەی ڕزگار دەکات. بوون گێڕەرەوە دڵتەنگە، دڵتەنگە بۆ هەموو ئەو ژنانەی کە هەموو سۆز و خۆشەویستی و حەسرەت و ئارەزووی خۆیان لە ترسی حوکمەکانی کۆمەڵگا لەبارەیانەوە بردە ناو گۆڕ :

«لە هەر هەمووی ناخوشتر لای من حیکایەتی خنکاو و نەوتراوی ئەو ژنە منگنانە بوو. کە پیرەی قەساب ڕۆژێک لە ڕۆژەکان، ژوانی لە گەڵ گرتوون. ئەو ژنە تەنیا و بیدۆست و شەرمەنانەی کە تا دەمرن ناتوانن ڕاز و نیازی دڵی خویان لای هیچ کەسێک بدرکێنن. ئەوانەی بە دزی ژیانەوە دەژین، کچان و ژنانی گیرۆدە بە دەست حیکایەتی حەرام و مەرگەوە، مەرگەو، ئەوانەی کە حیکایەتەکانی نامورادی لە گەڵ خۆیان دەبەنە گوڕەوە، چونکە هەرگیز کەسێک نییە جوامێرانە و بە مروەتەوە باس لە جوانی و شەیداییان بکات. ئەم قەسابە... پیرە هەرگیز... هەرگیز... ئەو ژنانەی تەنیا مەرگ وا دەکات عەبا و پەچە و چارشێو و نیقاب فڕێ بدەن. تاوەکو کفن لە بەر بکەن... ئەوانە کێ بوون؟ ماڵەکانیان؟ ناویان چی بوو؟ لە کام گۆڕستان بەو هەموو نەهێنیەوە نێژران؟ » (هەمان، ٢١٢)

لەم دەقەی خوارەوە گێڕەرەوە کە قەسابەکەیە باسی ئەو کارانە دەکات کە لە تەمەنی گەنجیدا کردوویەتی و ئێستا لە تەمەنی پیریدا لەگەڵ کوڕەکەی و هاوڕێکانی کوڕەکەیدا دەیانگێڕێتەوە. لە تۆنی گێڕانەوەکەیەوە دیارە، کە هێشتا تینووی ژن و کچانی گەنجە و هێشتا پەشیمان نییە لە ڕابردووی خۆی. هەروەکو دەڵێت :-

«لە ژێر دە پەردە و عەبا و پێچە بوایە ئافرەتەکانم دەناسییەوە، یەکەیەکە ناوەکانیانم دەزانی، هەر نووزەی لێوە هاتبا، دەمزانی کێیە... هەر بە تەنیا ڕێڕویشتن و لارولەنجەیەکیەوە فاتمم لە مەریم جیا دەکردەوە، حەبێم لە ڕابی جیا دەکردەوە، هەر بە هەناسە...قەدوباڵا، هەندێکیان پێچەکانیان تەنک بوون، چاوە گەشەکانیان دەتوت گڵۆپن، وەک چاوی ئاسک سمۆران دەبریسکانەوە...» (حەسەن،2017، 151-152).

هەروەها لە شوێنێکی تردا گێڕەرەوە دەڵێت:- «ئەوسا من لە هەوا و کەیفی خۆمدا بووم، خەیاڵم خوش و سەرمەست و حەیران، ئەوسا وام مەزەندە دەکرد بەو چاوە زەرد و زەق و مەستانەی خۆم لە هەر ئافرەتێکم بڕوانیایە، ئەو شەوە خەونی خۆش و حەرامی بە منەوە دەبینی، خۆ وەک ئەمڕۆکە نەبووم...» (هەمان، 148). بە جۆرێک شانازی بە جوانی و باڵای باشی گەنجی خۆیەوە دەکات، بڕوایەکی بەرزی بەخۆی هەیە، کە پێی وابوو ئەگەر هەر ژنێک ببینێت بەدڵنیاییەوە عاشقی دەبێت. هەروەها نووسەر لە ڕێگەی بیرەوەرییەکانی قەسابێکی کۆنەوە شیکاری بۆ شوناسی ڕەگەزی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و پێشهاتە کولتوورییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەکات:

**٦-١- ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگای کوردیدا:**

دەقەکە بە ڕوونی ڕۆڵی دووانەی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا نیشان دەدات. ژنانی کاولی و کۆچەری؛ وەک، ژنانی ئازاد و سەربەخۆ وەسف دەکرێن، کە بەشدارن لە ئابووری نافەرمی (کشتوکاڵ، فرۆشتنی بەرهەمی ناوخۆیی، فاڵ گرتنەوە). سەرەڕای چەشنە کۆنەپەرستانە نەرێنییەکان، ئەم ژنانە لە واقیعدا وەک کەسانی خۆڕاگر و کەرامەت پێشکەش دەکرێن. هەروەکو دەڵێت:-

«ئەو سە ردەمە وەکو ئێستا نەبوو، تاکو تەرا ئافرەت لە سەر جادەکانەوە بوو. تەنیا ژنە قەرەج و ڕەوەندەکان و دەشتەکییەکان جاروبار بازاڕیان ئاوەدان دەکرد. ژنە قەرەجەکان هاواریان دەکردەوە: "دگان... دگان... دگان...". جارجاریش دەستیان دەگرتەوە.... سەرسەری و بێژمۆتەکان دەکەوتنە دوایان. ژنە ڕەوەندەکانیش ماست و پەنیر و ژاژی و فڕویان دەهینا. لە شاخەکانەوە دەهاتن و بۆنی کوێستانیان لە گەڵ خویان دەهێنا. ژنە قەرەجەکان ئەسمەر و چاوەڕەش، ژنە ڕەوەندەکانیش سپی و نەرمونۆڵ و چاوشین و چاوکاڵ. هەموو برادەرەکەم دەیانوت: "ژنە قەڕەج و ڕەوەندەکان دۆخینشل بوون، بەس کە خۆم شەرم پێ فرۆشتن، درۆ دەرچوو... ژنە دەشتەکییەکانیش ماست و شیریان دەهێنا. بەهارانیش کنگر و کاردوو توڵەکە و... چی گیاوگوڵی بەهاری هەیە لە سەر شۆستە و ناو قەیسەری، لە سەر بەرانپیل و عەباکانیان کۆمەڵ کۆمەڵ ڕیز دەکران. ژنەکان زور سەرکز و شەرمن بوون بەس کێ دەیوێرا بە چاوی حەرامزادییەوە سەیریان بکات ... بڕواتان بێت شاخی کامە پیاوی نێرە دەیانشکاند، هەر هەموو نێرەژن و بەڵای خودا بوون» (هەمان، ١٤٠-١٣٩).

چالاکی ئابووری ژنان لە بازاڕدا (بەبێ ئەوەی دوکانێکی فەرمی هەبێت) ئەوەمان بۆ دەر دەخات کە کۆمەڵگای کوردی سەرەڕای پیاوسالاری وابەستەی کاری نەبینراوی ژنان بووە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە ژنانی شارەکان تەواو کۆنەپەرستن، سنووردارن بە شوێنی تایبەت (حەمام، زیارەت) و لە ژێر کۆنترۆڵی پیاواندان. «ژنە شارستانەکان هەمیشە خۆیان دەشاردەوە، تەنیا بۆ حەمامکردن یان چوونە سەر قەبران یان بۆ کڕینی پێویستیی ماڵ و ژنانە دەهاتنە دەرێ و دەتوت قەڵەرەشن. هەمیشە لە ژێر عەبا و پەچە خۆیان ون دەکرد... » (هەمان، ١٤٠).

**2-6- نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و پێشهاتە کولتوورییەکان:**

تەنانەت جەستەی کچان لەلایەن بنەماڵەی زاوا پێش هاوسەرگیری دەپشکنرێت. هەرچەندە دەقەکە لە ڕوانگەی نێرێکی تەقلیدییەوە دەگێردرێتەوە، بەڵام هێزی ژنی کورد (شێرژن بوون، تێکشکاندنی دەستدرێژکارە نێرەکان) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ پێکهاتە پیاوسالارییە تەحەدداییەکان. ئەم بەشە بەراورد دەکرێت بە ئایدۆلۆژیای فێمینیزمی کوردی لە بزووتنەوەکانی ئەمڕۆدا:

«تا شەوی پەرد نەتدەزانی بووک چ ڕەنگە، خۆت و خودات، دایکی زاوا و خوشکەکانی لە گەڵ بووکی دەچوونە حەمام تا بزانن بە ڕووتی عەیبو عارێ گەورەی نییە. ئیتر ئەوان دەهاتنەوە... پێستی دڵێی شەعادەیە... سپی... مێوژ بخوات لە گەردنیەوە دیارە ... گۆشتنە... ئەمما بێعەیب... کەمێك لاوازە بەڵام هەر کە بۆ ژنت خێرو خۆشی لێت بینی.... پڕ دەبێتەوە. بە سەدەها زاوا شەرمی دەکرد و گوێی لە هیچ نەدەگرت» (حەسەن، ٢٠١٧، ١٤٠)

**3-6- گۆڕینی بەها ئەخلاقییەکان:**

گێڕەرەوە سەری سوڕماوە لە جیاوازی نێوان ڕابردوو (شەرم و حەیا) و ئێستا (ژنانی نیوەڕووت). ئەمەش گۆڕانکارییە خێراکانی کولتووری لە کۆمەڵگەی کوردی لەژێر کاریگەری مۆدێرنیتەدا دەردەخات. بەڵام تێڕوانینی گێڕەرەوە خۆیشی دژبەیەکە؛ لە لایەک ستایشی ژنە قەدیمیەکان دەکات، لە لایەکی دیکەوە دان بە خوێڕیەتی گەنجەکانی سەردەمی خۆی دەنێت. هەروەکو دەڵێت:- «ژنە شارستانەکان هەمیشە خۆیان دەشاردەوە، تەنیا بۆ حەمامکردن یان چوونە سەر قەبران یان بۆ کڕینی پێویستیی ماڵ و ژنانە دەهاتنە دەرێ و دەتوت قەڵەرەشن. هەمیشە لە ژێر عەبا و پەچە خۆیان ون دەکرد ... گەر ئافرەتێک هەردوو دەستی بە ڕووتی، یان پاژنەی هەردوو پێی دەربکەوتبایە، ئۆهۆو جەژنی هەر هەموو نێرەوزەکانی ئەو ناوە بوو.

هەرچی پیاوی برسی و نەوسن هەبوون، دڵیان دادەخورپا. ڕاستە لە خوا ترس زۆر بوون، بەڵام زۆربەمان بە جامێکی ئاو دەکەوتینە مەلەو تا بڵێی نەوەسن و چڵێس بووین. هەبوو بۆ ژوانێک حەوت گوندی، دەبڕی. جاران بۆ ژوانی ژنێک یان دۆستێکی دەبوو بە سەر سەدەها پەرژین و دیوار و سەربان و تەلە و فاقەدا باز بدەیت» (هەمان، ١٤٠).

**ئەنجام:**

دۆزینەوەی بەستەرە نەناسراوەکان لە پێکهاتەکانی دەقێکدا، یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکان لە ڕوانگەی پێکهاتەیی بەرهەمی ئەدەبیدا، کە نووسەر بە مەبەست، یان بێ مەبەست، ئەم بەستەرانەی لە دروستکردنی بەرهەمەکەیدا بەکارهێناوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا گێڕانەوەناسی وەک مۆدێلێکی پراکتیکی لە شیکاری گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا و لەگەڵ نزیکبوونەوەی پێکهاتە گێڕانەوە مەعریفییەکانی لە چیرۆکی «ژنێکی منگن» لە نووسینی (شێرزاد حەسەن) لە سەر بنەمای تیۆری (جاپ لینتڤێلت) شیکرایەوە. دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لە پشکنینی پێکهاتەی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا، ئەوە دەردەخەن، کە:

١- ئەم چیرۆکە لە ڕوانگەی کەسی یەکەمەوە (من - گێڕەرەوە) دەگێڕدرێتەوە. گێڕەرەوەی یەکەم کە نووسەری چیرۆکەکەیە، گێڕەرەوەیەکی هەموو شتێکزانە و باس لەوە دەکات، کە پێشتر گوێی لە چیرۆکەکە بووە و ئێستا دوای (٣٠) ساڵ، خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە. چیرۆکەکە لە دەوری چیرۆکی ڕۆمانسی پیرە پیاوێک لە تەمەنی گەنجیدا دەسوڕێتەوە. هەروەها گێڕەرەوەی هەموو شتێکزانە و لە شەوێکی هاویندا لەسەربانی خانووەکەی لە تەنیشت نووسەر، عەبە و شوان، تەواوی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. هەم نووسەر و هەم گێڕەرەوە کارەکتەرن لە چیرۆکەکەدا.

٢- ڕوانگەی ئەم چیرۆکە ناوەکییە و لەبەر ئەوەی هەردوو گێڕەرەوە ئەکتەرن لە چیرۆکەکەدا و لە ناوەندی چیرۆکدان؛ دیدگاکەی ناگۆڕێت و تەنیا توانای گێڕانەوەی بیرکردنەوەکانی هەیە بۆ خوێنەر. وە ناتوانن بیر و باوەری کارەکتەرەکانی تری چیرۆکەکە بگێڕنەوە. لە ڕووی تایپۆلۆژیای گێڕانەوە، گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە لە جیهانی چیرۆکی یەکسانە. گێڕەرەوە لە چیرۆکە یەکسانەکاندا کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە. بۆیە کارەکتەری سەرەکییە و لە ناوەندی چیرۆکەکەدایە و کارەکتەرەکانی دیکەش لە دەوری ئەون؛ بە واتایەکی تر گێڕەرەوە یادەوەری و تێروانینەکانی خۆی دەردەبڕێت. بە جۆرێک گێڕەرەوە لە یەک لاوا (من - گێڕەرەوە)یە و لە لایکی ترەوە کارەکتەریاچالاکوانی (من - گێڕاوەتەوە) کە ڕۆڵی لە چیرۆکەکەدا هەیە. بۆیە جۆری گێڕانەوەی بەکارهێنراو لەم چیرۆکانەدا یەکسانە.

٣- گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، بیرهێنانەوەی ڕابردوو و بارودۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان و دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری و هەروەها شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنان و بوونیان لە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەدایە. پیرە پیاو لە گەڵ نووسەرەی چیرۆکەکە کە نوێنەری گەنجانی سەردەمی ئێستای کوردستان و نووسەری ڕاستەقینەی چیرۆکەکەیە، گێڕەرەوە و کارەکتەری ئەم چیرۆکەن. نووسەر کاتێک دەنووسێت خۆی لە خودی ڕاستەقینەی خۆی دوور دەخاتەوە، یان بە واتایەکی تر لە ڕۆڵی نووسەری ئەبستراکتدا دەچێتە ناو چیرۆکەکەوە و گێڕەرەوەی خۆی دروست دەکات.

٤- چیرۆکەکە لەلایەن پیاوێکی پیرەوە دەگێڕێتەوە کە خۆی چالاکوانی چیرۆکەکەیە و هەر ئەمە متمانە بە خوێنەر ئەدات کە چیرۆکی ڕاستەقینە دەڵێیتەوە. ئەم پیاوە هەم نەریتخوازە و هەم لە هەمان کاتدا بە نائاگاییەوە ڕەخنەی لێدەگرێت. ئەو دیفاع لە "حەیا"ی ڕابردوو دەکات، بەڵام دان بە شەهوەتی هەندێک پیاواندا دەنێت. بۆ ئەو زۆر جێگای سەرسوڕمان و جێگای ستایشە کە گەنجانی ئەم سەردەمە بتوانن خۆیان لە بەرامبەر ئازادی ژنان و جلوبەرگی ئازادیان کۆنترۆڵ بکەن.

٥- گێڕەرەوە ڕابردووی بە باش دەزانیت، بەڵام باسی دەستدرێژی شاراوە و هاوسەرگیری زۆرەملێ و پشکنینی جەستەی بووکەکە واقیعی تاڵی ئەو سەردەمە ئاشکرا دەکات. ئەم دەقە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کۆمەڵگای کوردی تەنانەت لە چوارچێوەی تەقلیدی خۆیدا هەمیشە لە گرژیی نێوان ئازادی و کۆنترۆڵی ژندا تێوەگلاوە. هەروەها ئابووری نافەرمی ژنانی کورد ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە پاراستنی شوناسی کولتووری، تەنانەت ئەگەر پیاوانی ناو کۆمەڵگا پشتگوێی بخەن. ئەم چیرۆکە بە دیدگای ناوەکی و کەسی یەکەمی خۆیەوە، زۆرێک لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی کۆن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژناندا نیشان دەدات.

**سەرچاوەکان:**


١- اخوت، احمد (١٣٧١). دستور زبان داستان، تهران: انتشارات فردا.

٢- آژند، يعقوب (١٣٧٥). «دربارۀ ادبیات داستانی، فرهنگ اصطلاحات ادبیات داستانی»، نشریه ادبیات داستانی، شماره ٣٩، صص٣٤-٢٥.

٣- بەرزنجی، عثمان عبدول و حمەفرج، دیلان سلام (٢٠٢٢). «ڕەنگدانەوەی کلتور لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا»، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی٧ ، ژمارە ٤، لاپەڕەی ٨٩-٧٣.

٤- حری، ابوالفضل (١٣٨٢). «روایت و روایتشناسی»، نشریه زیباشناخت، شماره٨، صص ٣٥١-٣٢١.

٥- حەسەن، شێرزاد (٢٠١٧). ژنێکی منگن، تاران: چاپخانەی غەزەلنووس.

٦- حسن، فرهاد عزیز و قادر، کارزان محسن (٢٠٢٢). «زەمەنی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (نەتەوەی ژێرابەکان)دا بە پێی تیۆری جێرارد جێنێت»، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی٢٦، ژمارە ٤، لاپەڕەی ٢٢٢ - ٢٠٨.

٧- خەزنەدار، مارف(د). مایسی( ١٩٧٠). هەندی لە شیرازەکانی دەفتەری ڕەخنەم، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، ب٣، بەغداد.

٨- كنان، شلومیت ریمون (1387). روایت داستانی: بوطیقای معاصر، ترجمەی ابوالفضل حری، نیلوفر، تهران.

٩- كزازی، میرجلالالدين و سبزیانمیرآبادی، سعید (١٣٨٨). فرهنگ نظریه و نقد ادبی، تهران: مروارید، چاپ دوم.

١٠- لینت ولت، ژپ (1390). رسالهای در باب گونهشناسی روایت، نقطه دید، ترجمه علی عباسی و نصرت حجازی، تهران، علمی وفرهنگی.

١١- محمدی فشارکی، محسن و خدادادی، فضل الله (1392). «بررسی ساختار و گونه روایی در متن سفرنامه ناصرخسرو براساس نظریه ژپ لینت ولت»، متنشناسی ادب فارسی سال پنجم، شماره ٣ (پیاپی ١٩)، 68-53.

١٢- مكاريک، ایرنا ریما (١٣٨٥). دانشنامه نظریههای ادبی معاصر، ترجمه مهران مهاجر و محمد نبوی، تهران: انتشارات آگه، چاپ دوم.

# Narrative typology and identity and ideology of the Kurdish society in the story of Geniki Mangan by Shirzad Hasan (based on the theory of Jaap Lintvelt)

Korak Ali Ahmad
Somayye mohammadi

In every story, a specific method and manner is used in designing its narrative structure. In recent decades, the interpretation of stories has focused more on structure and form than content. In this article, which is based on the "descriptive-analytical" method, we intend to analyze the story "Geniki Mangan" written by "Shirzad Hasan" using the applied concepts of narrative typology from the perspective of "Jaap Lintvelt". In this regard, we focus on four basic principles. Such as, basic (perceptual-psychological), basic (temporal), basic (spatial) and basic (verbal). In the perceptual-psychological base, we propose the center of orientation and the narrative aspect. In the time base, the time of the narration and time order or chaos; Like the speed and delay of time, we present the narration and it is analyzed on the basis of location, the location of the narration. In the fourth principle (verbal basis), we will describe the position of the narrator and grammatical personal pronouns, the temporal value of verbs, and the amount of speech of the actors of this story. From the findings of the research, it can be pointed out that the narrative point of view of this story is internal and since both narrators are the main characters of the story and are in the center of the story; Therefore, they cannot change their point of view and can only narrate their thoughts to the audience and cannot narrate the thoughts and beliefs of other characters in the story; Also, many elements of Kurdish society's identity and ideology and their attitude to many issues; including their views on love between men and women, marriage, the appearance of women in Kurdish society, relationships between family members, and the role of fathers in the family. It is shown in this story and is clearly evident in the narration of the narrators.

**Key words:** narrative, narrative typology, Zep Lintvelt, Shirzad Hasan, Geniki Mangan.

# گونه‌شناسی روایت و هویت و ایدئولوژی جامعه کُردی
# در داستان «ژنێکی منگن» اثر شیرزاد حسن (براساس نظریه ژپ لینت‌ولت)

**چکیده:**

در هر داستانی، روش و شیوة مشخصی در طراحی ساختار روایی آن به کار گرفته می‌شود. در دهه‌های اخیر، تفسیر داستان‌ها بیشتر بر ساختار و فرم متمرکز بوده است تا محتوا. در این مقاله که مبتنی بر روش «توصیفی- تحلیلی» است، برآنیم تا با استفاده از مفاهیم کاربردی گونه‌شناسی روایی از دیدگاه «ژپ لینت‌ولت» به تحلیل داستان«ژنیکی منگن» نوشته «شیرزاد حسن» بپردازیم. در این راستا به چهار اصل و پایه اساسی می‌پردازیم. مانند، پایه (ادراکی - روانی)، پایه (زمانی)، پایه (مکانی) و پایه (کلامی). در پایه ادراکی – روانی، مرکز جهت‌گیری و جنبه روایی را مطرح می‌کنیم. در پایه زمانی، زمان وقوع روایت و نظم یا آشفتگی زمانی؛ مانند سرعت و دیرش زمانی روایت را مطرح می‌کنیم و در پایه مکانی هم، مکان روایت، تحلیل می‌شود. در اصل چهارم (پایه کلامی) جایگاه راوی و ضمایر شخصی دستوری، ارزش زمانی افعال و میزان گفتار کنشگران این داستان را شرح خواهیم کرد. از یافته‌های پژوهش می‌توان به این موارد اشاره کرد که، دیدگاه روایی این داستان از نوع درونی است و چون هر دو راوی از داستانشخصیت‌های اصلی داستان هستند و در مرکز داستان قرار دارند؛ پس نمی‌توانند دیدگاه خود را تغییر نمی دهد و فقط می تواند افکار خود را برای مخاطب روایت کنند و از روایت افکار و باورهای شخصیت های دیگر داستان ناتوانند؛ همچنین بسیاری از عناصر هویتی و ایدئولوژی جامعه کردی و نگرش آنها به بسیاری از مسائل؛ از جمله دیدگاه آنها در مورد عشق بین زن و مرد، ازدواج، ظاهر زنان در جامعه کردی، روابط بین اعضای خانواده و نقش پدران در خانواده و... در این داستان نشان داده شده است و در روایت راویان به وضوح مشهود است.

**واژگان کلیدی:** روایت، گونه‌شناسی روایی، ژپ لینت ولت، شیرزاد حسن، ژنیکی منگن.